# کتێبی ئاشکراگۆیی، رەخنە و بژارکردنی مێژوو

(بنکەی رۆشنبیریی کاوە ، زنجیرە کۆڕێکی بۆ لێکۆڵینەوەوباسکردن لەسەر بەرگی سێیەمی کتێبی «البارزانی والحرکە التحرریە الکردیە» نووسینی سەرۆک مەسعود بارزانی ، ساز کرد . لەوێدا منیش بۆ پێشکەش کردنی خوێندنەوەی خۆم بانگ کرام . ئێستا لەسەر داوای رۆژنامەی بەڕێزی «برایەتی» جارێکیدیکە باسەکەم دادەڕێژمەوە) .

**سەرۆ قادر**

ئەم کتێبە نووسینی کەسایەتییەکە دەوری سەرۆکایەتی لە کوردستانی ئازاددا دەبینێ و کاریگەرییەکی زۆریشی بەسەر تێکڕای بزووتنەوەی رزگاریخوازی هەموو کوردستانەوە هەیە. لەوەڕا ناکرێ بە نووسینێکی ئاسایی دابندرێ. کە دەڵێم ئاسایی نیە، گەرەکمە بێژم بەڵگەو تێڕوانینەکانی ئەو بەشێوەیەکی حەتمی کاردەکەنە سەر جارێکیدی هەڵسەنگاندنەوەی رووداو کەسایەتیەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. بەڕێز مەسعود بارزانی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر بە مەرجەع و رابەری کارامەی وڵاتەکەمان حساب دەکرێ، بۆیەش ناکرێ بە ئاسانی بەلای نووسینەکانیدا تێپەڕین.

ئەوەی سەرنجی من رادەکێشی، بێمنەتی کەسایەتییەکە کە تا ئێستاش لە گەرمەی زۆرانبازی سیاسی دایەو بڕواو کردەوەکانی کاردەکەنە سەر بەرژەوەندییە سیاسییەکانی، جا ئەو کارتێکرانە بە چاک یان بە خراپ بێت. جورئەتی ئەو لەوەدایە کە جیا لەوەی بەڵگەنامەکانی پاراستوون، وەک نووسەرێکیش هەوڵیداوە خۆی لە لایەنگیریی بکێشێتەوەو باس لەسەر رووداوە فکری و سیاسی و عەسکەرییەکان بکات. هەڵبەت لەوەشدا توانیویەتی بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکریی بەر لە پەنجاوچوار ساڵ بژێنێتەوەو وێنەیەکی زۆر نزیک لە جەوی کۆمەڵی کوردەواری ئەوکات بخاتە بەردەست جیلی ئەمڕۆ. کەسایەتییەکانی ئەوکات رەسم کراونەتەوەو یارمەتی ئەم زەمانە دەدات تا شتێک لە باری سایکۆلۆجیەتی ئەوکاتی تێکۆشەران و سەرکردە سیاسییەکان بزانن. هەروەها ئەو شێوازەی بۆ نووسین هەڵیبژاردووە، تایبەت بە تێڕوانین و عەقڵییەتی نیشتمانی کوردییە. مەبەستم ئەوەیە لە شێوازی لێکۆڵینەوەو نووسینەکەیدا لەژێر کاریگەریی فکریی ئەولاو ئەملا دانیە، رێک شەخسیەتێک دەخوێنیتەوە کە رەسەنایەتی فکریی هەیەو پشت ئەستوورە بە تەجرەبەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکریی گشتگیری نەتەوایەتی.

سەرەتای کتێبەکە بە رەخنە دەستپێدەکات، ئەویش بەجورئەتەوە رووی بەخۆداچوونەوە لەخۆی دەکات و بە ئاشکرا باسی خۆنەدزینەوە لە مەسئولیەتە مێژووییەکان دەکا و دەخوازێ ئەم روانگا رەخنەییەی لێ قبوڵ بکەن نەک لەبۆ خۆی بەڵکو لەجیات مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانییش. دەشڵێت بارزانی نەمرو ئێمەش ئەوانەی لەنزیکەوە کارمان لەسەرکردایەتی لەگەڵ دەکرد، وەک هەر مرۆڤێک ئەگەری هەڵەو بەسەهوچوونمان هەیە، بۆیە دەکرێ بەچاوی رەخنەوە تەماشا بکرێین. هەر خۆی تەعریفێک لەسەر جیاوازی رەخنەی داهێنەرانەو بەجێ لە کردەوەی داخ لەدڵانەو بوختان هەڵبەستن دەداتە دەست. لەدوایشدا بە رەخنەوە باسی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی لە بڕیارەکاندا بەشدار بوون و دوایش خۆیان لەبەر کێشایەوە.

بەڕێز سەرۆک بارزانی لەم کتێبەیدا هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانەی نەک هەر بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول هەیە، بەڵکو هەوڵیداوە بە بەڵگە رەخنە لە کەسایەتیە ناودارو کاریگەرەکانیش بگرێ کە هەندێکیان تا ئەمڕۆش لە سەرکردایەتی پارتیدا هاوکاری خۆینی، بەشێکی دیکەی زۆریش لە سەرکردایەتی حزبەکانی دیکە دان و دەوری کاریگەر لە بەڕێوەبردنی وڵات و داڕشتنی فکردا دەگێڕن . جیا لەوەی بە چاوی تەقدیرو واقیعیانەش باسی قۆناغی درەخشانی دیکەی هەمان کەسایەتیانی کردووە. بەمەیان سەرۆک بارزانی دەرگای لێکۆڵینەوەو رەخنەی لەسەر حەساسترین قۆناغی شۆڕشی کورد کردەوە. پێش هەمووانیش خۆی بە بەڵگەوە، بە پشوویەکی مەسئولانە کەوتۆتە رەئی دان.لایەکیدیکەی زۆر گرنگی ئەم کتێبە، لادانی پەردەیە لەسەر واقیعی کەسایەتییەکان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەگەڵ حکومەتی عێراق و وڵاتانی دەوروبەرو بیانی کراوە. باسی یەکەیەکەی کەسایەتییە سەرکردەییەکان و پەیوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ ئێران، عێراق دەکات. هەروەها باسی ئەو پەیوەندیە نەهێنیانە دەکات کە شۆڕش لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ئیسرائیل و ئەمریکا هەیبووە.

سەرۆک بارزانی لە هەڵوێستی دژایەتی کردنەوە باسی کەسایەتییەکانی نەکردووە، بۆیە بەڵگەو تێڕوانینەکانی فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو بیرەوەریانەی بە میزاجی دژایەتی و قۆستنەوەی بەرژەوەندی سیاسی ئەمڕۆ دەنووسرێن. ئەوانەی مێژوو بەلایانەوە گرنگەو دەیانەوێ هەڵێنجانی فکریی لێ بکەن، چیدی ناتوانن لە زەینی خۆیانەوە حەرەکەت بکەن و پشت بە قسەی ئەم و ئەو ببەستن؛ چونکە ئێستا بەڵگەی مەلموس و تێڕوانینێکی نیشتمانیانەش هاتۆتە کایەوە. ئا لەوڕایە ئەز باوەڕم ئەم کتێبە رۆڵێکی شایان لە ساخ کردنەوەی فکری نەتەوەیی و سیاسی کوردستاندا بگێڕێ.

بەڕێز بارزانی بەم کەشف کردنەی لە کەسایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و حزبەکەی خۆی کردوویەتی، هەیکەلی تێکڕای بزووتنەوەی سیاسیشی کەشف کردو هیچ پەنایەکی بۆ نەهێشتوونەتەوە. هەروەها باسێکی بەجورئەتانەشی لە هەیکەلی سیاسی حکومەتەکانی عێراق کردووەو کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانی وەسف کردوون. دەکرێ لەمەولا مرۆ بزانی ئەوکات مامەڵە لەگەڵ چی نیزامێک و چتۆ کەسانێک کراوە. هەروەها قوەتی شۆڕش و کاریگەری شەخسیەتی مستەفا بارزانیشی نیشانداوە، بۆ نموونە چەندە گرنگە ئەم جیلە بە بەڵگەوە بزانێ سەدام حوسێن کە هەموو دنیای لە زاقە ناوە، چەند جار بەپێی خۆی هاتۆتە چیاکانی کوردستان بۆ دیتنی بارزانی.

ئەو بەشەی باسی رووناکبیرانی سیاسی ناو سەرکردایەتی شۆڕش دەکات، ئەهەمیەتێکی زۆری بۆ ئەمڕۆ هەیە.

تایبەتمەندی و هەڵوێستەکانی رووناک بیرانی ئەوسای ناو سەرکردایەتی شۆڕش و کاریگەری فیکری زۆریان لەسەر رۆشنبیرانی کوردستان هەبووە،خ کە لەکەشێکی بێ تەجربەیی ئەوکاتدا جیهان گیرترین و شۆڕشگێڕترین ئایدۆلۆژیایان دەکرد پاساوی هەڵوێستە سیاسییەکانیان و، نیازە شەخسییەکانیان، لە ژێر دروشمی ئایدۆلۆژیادا دەشاردەوەو دواتریش ئەوەیان کرد کە کردیان.

جا وابزانم ئەو بەڵگەو رایانەی بارزانی فڕەی داونەتە ناو رووناکبیران، بێ کاریگەریی نابێ و جارێکیدیکە پێداچوونەی مێژووی فکری نەتەوەیی دەکاتە باسی رۆژ.

بەشێکی دیکەی بڕواکانی بەڕێز بارزانی، سەبارەت بە چەمکی حزبایەتی و نیشتمانپەروەرییە. ئەو زۆر بە ئاشکرا باسی روانگای بارزانی نەمر بۆ کاری حزبایەتی دەکات. حزب وەک ئامرازی رێکخستنی خەڵک بۆ شۆڕش کردن دادەنێ، لە رزگاریشدا ئەرکی فێرکردن و راهێنانی خەڵک لەسەر خۆبەڕێوەبردن دەخاتە سەر ئەستۆی حزبی شۆڕشگێڕ.

